


# کچەکەم ڕێنوێنیمان دەکا و بۆ سەرەتای ژیان دەمانگێڕێتەوە

کەریم — بەشی دووەم و کۆتایی



پێشنیارەکەی کچەکەم تاساندمی، من بڕیارم دابوو هەرگیز چاوم بە دایکی نەکەوێتەوە، بەڵام ئەو زۆرتریشی داوا دەکرد. من نەمدەزانی ئەو پێشنیارە هی خۆیەتی یان دایکی لەبن گوێچکەی خوێندوویەتی، بۆیە نەمدەتوانی دەمودەست وەڵامی پێشنیارەکەی بدەمەوە، هەرچەندە خۆیشی پرسیاری نەکردبوو، بەڵکو پێشنیاری بۆ کردبووم!

ماوەیەکی باش بیرم لە پێشنیاری کچەکەم کردووە. ڕۆژێکیان لەگەڵ دایکم بە جووتە دانیشتبووین، قسەکانی کچەکەم بۆ دەگێڕایەوە، دواتر باسی پێشنیارەکەیشم کرد، دایکم هیچی نەگوت، من جارێکی دیکە پێشنیارەکەم دووپات کردەوەو لیمخواست کە ڕای خۆیم پێ بڵێ. دایکم زۆر پیرو نەخۆش بوو، بەڵام هەموومان پرس و ڕاوێژمان پێدەکرد، دایکم گوتی: " کوڕەکەم من جەرگی خۆم دیتوە، دەزانم جەرگ خۆشەویستە، حەز دەکەم دڵی کچەکەت نەشکێنی. لەبەر خاتری کچەکەت ببینەو قسەیشی لەگەڵ دا بکە، خۆ دوژمنی یەکتر نین! ماوەیەکی زۆرە وازتان لەیەکتر هێناوە، برینەکانی ڕابردووش سارێژبوونەتەوە، تۆ لە جێگەی خۆت و ئەویش لە جێگەی خۆی، بەڵام چونکە کچێکی هاوبەشتان هەیە، باشتروایە یەکتر ببینن و قسەش بەیەکەوە بکەن، ئەوان دایک و کچن لەوانەیە هەندێ قسەیان لەلای یەکتر کردبێ! لەوانەیە کچەکەت نهێنییێکی لای دایکی باس کردبێ و خۆی ڕووی نەیەت و شەرمت لێ بکات، بەڵکو دەیەوێ دایکی بۆت باس بکات، ئاخر کچەکەشت گەورەبووە، کێ نالێ یەکێک مەرامی خوازبێنی نیەو دەیانەوێ پرست پێبکەن!؟

ئیدی کە کچەکەم هاتەوە وەڵامی پێشنیارەکەیم دایەوەو کاتی دیدارمان دیار کرد. ئێوارەیەکی پاییز ئەوانم بۆ چێشتخانەیەک بانگهێشت کرد. من پێش ئەوان چوومە ئەو شوێنەی دیارم کردبوو، دوایی ئەوانیش هاتن، ئەوە یەکەمین جار بوو لە ژیانماندا کە هەرسێکمان بەیەکەوە بین، ئیدی بەرەو ئەو چێشتخانەیە ڕۆیشتین کە شوێنێکی خۆشی هەبوو، نەسارد و نەگەرم، تەواو دڵگیر و فێنک بوو. ماوەی 14 ساڵ بووم یەکتریمان بەبینی بوو، دیدارەکەش تام و چێژی خۆی هەبوو، کچەکەم لە خۆشیانا باڵی لێڕوابوو، وەکو پەپوولە بەدەورمان دا دەسووڕایەوە، قسەی خۆشی بۆ دەکردین، وەکو خاوەن ماڵ فەرمووی لێدەکردین و حەزی دەکرد زۆر بخۆین! ئەو حەزی دەکرد ئێمە بە جووتە بدوێین، بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێک بەبیانۆی ساردی هێنان دەرۆیشت و درەنگ دەهاتەوە. دایکی زۆر لەسەر خۆو ئارام دەدوا.

ئەو ئێوارەیە تام و بۆن و ڕەنگێکی دیکەی هەبوو، یادەوەریە تاڵ و شیرینەکان لە هزرم دا زیندوو ببوونەوە، هەندێ جار هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، هەندێ جاریش ڕقم لەخۆم دەبۆوە کەبۆچی بە قسەی کچەکەم کردووەو لەگەڵ ئەو ژنەی کە منی جێهێشت بوو، دادەنیشم و قسان دەکەم. ئاخر دیداری نێوان ژن و مێردێکی جیابۆوە لە کۆمەڵگەی ئێمە دا نەک هەر دەگمەنە، بەڵکو قسەو قسەلۆکیشی لێدەکەوێتەوە.

ئێمە تەنیا خواردنی ئاساییمان خواردبوو، کەچی هەستم دەکرد مەست و سەرخۆش ببووم، خۆشم نەمدەزانی بۆچی وام بەسەر هاتبوو، ڕاستیەکەی هەست بە شلەژاوی دایکی کچەکەشم دەکرد کە هەندێ جار لە جێگەی خۆیەوە موچڕکی پێدا دەهات و چاوەکانی خومار دەبوون.

چواردە ساڵ تەمەنێکە، مرۆڤ هۆش و لێکدانەوەی دەگۆڕێ و گەورەتر دەبێ، ئێمەش ڕابردوومان تێپەڕاندبوو، گەورەتر ببووین، من پێموابوو هەردووکمان شەرممان لە یەکتر دەکرد، بۆ سەردەمی لاوێتی گەڕابووینەوە. ئاخر ئێمە بە حەزلێکردن ژیانی هاوبەشمان دروست کردبوو، بەهۆی تووڕەبوونەوە جامی ژیانمان سەراوژێر کردبوو، هەردووکمانیش تێیدا بەرپرسیار و گوناهبار بووین، ناکرێ ئێستا هەموو تۆمەت و گوناهەکە بخەمە ئەستۆی دایکی کچەکەمەوە.

لە چواردە ساڵی دابران دا زۆر شت گوزەرابوو، ئەو شووی کردبۆوەو شووەکەشی کۆچی دوایی کردبوو، منیش ژنم هێنابۆوەو جیاش ببووینەوە، هاوسەنگی لەنێوان ژیانی هەردووکمان دا هەبوو، هەردووکمان پەرێشان و شکست خواردووی دەستی ڕۆژگار بووین، دەتوانم بڵێم من زۆر لەو باشتر بووم، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پیاو چەندە تەمەنیشی هەبێ، ئاساییە ئەگەر ژن بێنێتەوە، بەڵام ژنی قوڕ بەسەر هەرکە تەمەنی گەیشتە 30 ساڵان ئیدی بۆی دەبێ بە پەشم و شوورەیی و ناتوانێ شوو بکاتەوە. ئێمە هەردووکمان چل ساڵیمان تەواو کردبوو، هەرزەکار و بێ ئەزموون نەبووین، چاکە و خراپەی خۆشمان ناسی بوو.

ئیدی لەسەر پێداگری کچەکەم زوو زوو یەکترمان دەبینی، چەند جارێکیش هاتە ماڵی دایکم. ئەو لەلای برا گەورەکەی دەژیا، پێموابوو ئێسکی گران و ڕەزای قورس ببوو، وەک دەڵێن براژن لەخۆیەوە ڕقی لە دشەکانی دەبێتەوە، جا ئەگەر دشەکەش لەگەڵ ئەودا بژی !! من هەستم دەکرد دایکی کچەکەم لەنێو خەم و گێژاوی ژیان دا تەکان دەدا، بەدەست براژنەکەیەوە گرفتارو پەشۆکاو بووە، بەڵام ئەمانەم بە چاوی دا نەدەدایەوە، کات گوزەرابوو، پێویستی بەوە نەدەکرد کای کۆنە شەنەبا بکەم.

لەو ماوەیەدا زۆر جار خزمەکانم پێشنیاری ژنهێنانیان دەخستە بەرگوێم، من خۆم نەبان دەکرد و نەمدەویست پەلەی لێبکەم. ڕۆژێک لەماڵی خاڵۆم دەعوەت کرابووین، کچەکەشم لەگەڵمان هاتبوو، لەوێ باسی ژنهێنان و شووکردن هاتەگۆڕێ، هەستم کرد دەیانەوێ ئەو کچە خاڵۆیەم پێبدەن کە شووەکەی کوژرابوو، خۆی و سێ منداڵی لەلای ماڵی باوکیدا دەژیا، ڕاستیەکەی کچە خاڵەکەم گەورە نەبوو، زۆریش لەمن منداڵتر بوو، بەڵام هەرگیز بەو چاوە سەیرم نەکردبوو، نەشمدەویست بەوچاوە لێی بڕوانم. ئاگام لێبوو خوشکەکانم و خاڵۆژنم لەبن لێوانەوە باسیان دەکردین، بە کارێکی باش و بەجێیان دادەنا. کچەکەم سەیری دەکردن، لێیان پەست و نیگەران ببوو، حەزی دەکرد باسەکە بگۆڕدرێ، ئاگام لێبوو لەخۆیەوە باسی خوێندن و فێرگەی هێنایە گۆڕێ و سەبارەت بە خوێندن و فێرگە پرسیاری لە منداڵەکانی کچە خاڵەکەم کرد. هەستم کرد حەز دەکات زوو بڕۆینەوە، من نەمویست دڵی کچەکەم بشکێنم، بۆیە هێشتا درەنگ دانەهاتبوو، خواحافیزیمان کرد و گەڕاینەوە. کاتێ گەیشتینەوە ماڵ و خوشکەکانم دابەزین، کچەکەم داوای کرد کە ببیەمەوە لای دایکی، پێیگوتم: " باوکە! بەیانی مەکتەبم هەیە، دەبێ ئەمشەو سەعی بکەم، کتێبەکانیشم نەهێناون، ئەگەر دەتوانی بمبەیتەوە!" منیش دڵیم نەشکاند و ئەوم بەرەو ماڵی دایکی بردەوە، لە ڕێگە هەستم کرد دەیەوێ شتێکم پێبڵێ، بەڵام شەرمی دەکرد، یەک دوو جار ویستی بیدرکێنێ، لە ڕووی نەدەهات، دواتر پێیگوتم:" باوکە! ئەو ژنە لەڕیزی تۆ دا نیە! سێ منداڵی هەیە! باشە بۆ دەتەوێ بۆ سێ منداڵی بیانی ببی بە باوک، بەڵام بۆ تاقە کچەکەت نا!" من مەیلم بەلای کچە خاڵەکەم دا نەدەرۆیشت، بۆیە دڵنیام کردەوە کە ئەو ژنە ناخوازم. ئەو قسەیەی من زۆر شادومانی کرد، خەندە لە سەر لێوەکانی بوژانەوە، بە پێکەنینەوە پێیگوتم:" باوکە! من ژنت بۆ دەخوازم، نامەوێ ڕەتی بکەیتەوە!"

منیش بە خۆشحاڵیەوە ئاوڕم لێدایەوەو دەستم بە پرچی داهێناو پێمگوت" ئادەی کچەکەم! بزانم کێت بۆ دۆزیومەتەوە!" ئەو ماوەیەک بێدەنگ بوو، دوایی گوتی:" من دایکی خۆمت پێشکەش دەکەم و نابێ ڕەتی بکەیتەوە" بەوهۆیەوە کچەکەم ڕێنوێنی کردین و ئێمەی بۆ سەرەتای ژیان گەڕاندەوە.

# کێشە کۆمەڵایەتیەکان کوشتن و هەڵوەشانەوەی خێزانی لێدەکەوێتەوە

ترفەی کورد

ئەگەر هەواڵ و زانیاریەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆبکەینەوە، بۆمان دەردەکەوی کە کێشە کۆمەڵایەتیەکان هەڕەشەی ئاشکرا لە خێزانەکان و کۆمەڵگەی کوردەواری دەکەن و بەرەو هەڵوەشانەوەیان دەبەن.

ڕۆژی 1ی ئاب هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە تەرمی دوو خوێندکاری زانکۆ( کوڕ و کچێک) لە ناو ئۆتۆمۆبیلێک دا دۆزراونەتەوە کە بە تێزاب سووتێنراون! ڕۆژی 31ی تەمووزیش ڕاگەیەندرا کە لە شاری ئاکرێ دا باوکێک کچەکەی خۆی خنکاندووە چونکە ئامادە نەبووە ژن بە ژنەی پێبکرێ. ڕۆژی 30ی تەمووزیش لە گەڕەکی شۆڕشی شاری هەولێردا پیاوێک خۆی دەسووتێنێ. ڕۆژی 27ی تەمووزیش تەرمی ژنێکی تەڵاقدراو کە دوو منداڵی هەیە بە خنکێنراوی لەنیو بیرێکی گوندی بنەسڵاوەی سەروودا دۆزراوەتەوە. ڕۆژی 24-7-2007 دوکانداریک لە قەزای سۆران مرد کە سەرچاوە پزیشکیەکان جەخت لەسەر خنکاندنی دەکەنەوە. ڕۆژی 22ی تەمووزیش کچە خوێندکارێکی شارپچکەی کەلار کە بەزۆر ڕێگەی فێرگەی لێدەگیرێ و بەشوو دەدرێ، دوو ڕۆژ دوای بە شوودانی خۆی دەسووتێنێ و گیان لەدەست دەدات.

ڕۆژی 21ی تەمووز لە شارۆچکەی چوار قوڕنە کچێک لەژێر پاساوی ئەوەی پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک دا هەیە، بە دەستی باوکی و برایەکیەوە دەکوژرێ.

بەڵێ ئەمانەو دەیان هەواڵی جەرگبڕی دیکە ڕۆژانە بڵاو دەکرێنەوە، زەنگی مەترسی لێدەدەن و پێمان ڕادەگەیەنن کە مرۆڤێک لە فڵانە شوێن لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوژراوە، سووتێندراوە یان خۆی سووتاندووە.

بە کوشتنی مرۆڤێک، ژن یان پیاو یان چەند کەسێک کێشە کۆمەڵایەتیەکان کۆتاییان نایەت و ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورەتر دەبنەوە. ئاخر بۆ دەبێ کوڕو کچێکی خوێندکاری زانستگە لەنێو شاری سلێمانیدا بە تیزاب بسووتێندرێن؟! بۆ دەبێ چەند مرۆڤێک لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی خۆیان بکوژن؟! بۆ دەبێ باوکێک کچەکەی خۆی بخنکێنێ؟! بۆ دەبێ مرۆڤێکی تەڵاقدراو بە دەستی خزمانی خۆیەوە بکوژرێ و لاشەکەی فڕێ بدرێتە ناو بیرێکەوە؟! ئەمانە و دەیان ڕووداوی کوشتن و سووتاندن و خنکاندن پێمان دەڵێن کە مەترسی ڕاشکاوانە لەسەر داهاتووی خێزان و بنەماڵە و کۆمەڵگەی کوردەواری دا هەیە. ڕەوتێکی تێکدەرانە بەڕێوەیە، ئاکام خێزان و کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵدەوەشێنێتەوە. ئایا کێ لەو دیاردەو ڕەوت و تاوانانەدا بەرپرپسیارە؟!

ئەگەر باوکان و براکان لەسەر پێوەندی خۆشەویستی کچەکانی خۆیان بکوژن، ئەگەر پیاوان لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی سێدارە بۆ خۆیان هەڵبەستن و خۆیان بخنکێنن. ئەگەر ژنان لە ناچارییەوە پەنا بۆ خۆکوشتن ببەن، بە تەنیا خۆیان زەرەرمەند نابن، بەڵکو کێشەو گرفتی دیکە بۆ خێزانەکان و کەسانی دوای خۆیانەوە دەمێنێتەوە، بەوهۆیەشەوە کۆمەڵگە دەنێو دۆزەخی کێشەکان دا نغرۆ دەبێ و هەڵدەوەشێتەوە. دەستەڵاتداران و حکومەت بە پلەی یەکەمین لەو خۆسووتاندن و خۆ خنکاندن و کوشتنانەدا بەرپرسیارە. نەزانین و ناهۆشیاری و کولتووری پاشکەوتوویی و کۆنەپارێزیش چاوگەی ئەو کێشانەن.

فەرمانڕەواو دەستەڵاتداران بەتەنیا ئەرکیان ئەوە نیە کە فەرمانڕەوایەتی بکەن، بەڵکو پاراستنی سەروگیانی بەرفەرمانانیش لەئەستۆی ئەوان دایە، ئەرکیانە دەستەڵاتدارانە زەمینەی پێشکەوتن و وەدەستهێنانی زانیاری برەخسێنن، خواردن و خۆراک بۆ وڵاتییان دابین بکەن و ڕێگەکانی ژیانیان پێ بناسێنن و شێوازەکانی ڕەفتارکردن لەگەڵ کێشەکانیان بۆ ڕوون بکەنەوە، ئاخر کاتێک مرۆڤێک یان چەند مرۆڤێک توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵایەتی خۆیان نەبێ، دەبێ حکومەت یاسا دابنێ، هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی ئەو یاسایانە هەڵبگرێتەوەو یاساکەش بپارێزێ، بەڵام کاتێک حکومەت خۆی لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە خاوەن ناکات، مرۆڤ و خێزان دەکوژرێن و کۆمەڵگە دووچاری پەشێوی و نیگەرانی دەبێتەوە، سەرەنجام تەنگژەو قەیرانەکان بەبن بەست دەگەن و تێکیان دەشکێنن. تێکشکاندنی مرۆڤ و خێزانەکان بە هەڵوەشانەوەو بێ ئەرزش بوونی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە تەواو دەبێ. ئێستا کۆمەڵگەی کوردەواری دەنێو ئەو پاشاگەردانی و سەرگەردانیەدا ڕێ دەکات، نە حکومەت خۆی لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە خاوەن دەکات، نە مرۆڤەکانیش هۆشیاری چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە، نەدابونەریتیش ئاسانکاری بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان دەکەن. لەو بارەدا شێرازەی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەپچرێن و ڕەوشێکی ئاوارتەو دابونەریتی سەیر سەر هەڵدەدەن کە لەوانەیە بە مەرگی بەها پیرۆزیەکان تەواو ببن.

جاران مرۆڤی کورد بەهۆی بەرگری و تێکۆشانی دژ بە داگیرکەران دەکوژرا و گیانی لەدەست دەدا، ئێستا بەهۆی بێخاوەنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و نزمی ئاستی هۆشیاری و دابونەریتی قێزەوەنەوە مرۆڤی کورد گیان لەدەست دەدات، کەواتە بۆ مسۆگەرکردنی ئایندە، کۆمەڵگە پێویستی بە تەکانێک هەیە تا ئەو شاڵاوی مەرگە ڕابگرێ. ڕاگرتنی شاڵاوی مەرگیش بە هاوهەنگی لەنێوان یاسا و هۆشیاری دا بەری پێدەگیرێ .